Kurdistannet كوردستان نێت

# هاوسەرەکەم لەمن عاقڵترە

دارا مەحمود

کێشەکانی نێوان ژن و پیاو، لە بن نەهاتوون. هەر ڕەگەزە خۆی پێ لەوی تر عاقڵترە. من و هاوسەرەکەشم هەروا. هەمیشە لەیەکتر دەپرسین کامان گەوجترین..؟ و لە خۆشماندا گشت ژنان و پیاوانی جیهان دەبینین. واتا ئەگەر من گەوجایەتیەکم کرد ئەمە بۆ سەر پیاو بە گشتی دەشکێتەوەو هی هاوسەرەکەشم هەروا. ئەم کێشمە کێشە جار هەیە بە گاڵتەو پێکەنین دەرباز دەبێت و جاریش هەیە هەرای لێ دەکەوێتەوە. من بەردەوام پێموایە ژن لە پیاو گەوجترە. هاوسەرەکەشم بە پێچەوانەوە. هەریەکەمان بۆ سەلماندنی بۆچوونەکانمان هەمیشە لە بەڵگەو نموونە دەگەڕێین.

چەند ڕۆژ لەمەو بەر لەبەرانبەر تەلەفزیۆن دانیشتبووم. بەرنامەیەك بوو بەناوی Shop tv واتا بازاڕی تەلەفزیۆن، یان شتێکی لەم جۆرە. تەواوی ئەو کاڵایانەی نیشان دەدران، کەلوپەل و پێویستی ژنان بوون: کەلوپەلی ماکیاج و جوانکردنی پێست، ڕەنگی مووی سەر، دەرمان و کەلوپەلی لاوازبوون، جلوبەرگ و پێڵاو، خشڵ و زێڕ...و گەلێك و گەلێکی تر. چەندی سەبرم گرت داخوا سەرئەنجام چی شتێك بۆ پیاوان نیشان دەدرێت ئاکامێکی نەبوو. هیچ کاڵایەك کە سەرنجی پیاوان ڕابکێشێت و بەکەڵکی پیاوان بێت نیشان نەدرا. زۆر کەیفم هات بە پێکەنینێکی سەرکەوتوانەوە لە هاوسەرەکەم چوومە پێشەوەو گووتم: بەڵگەی حاشا هەڵنەگرم بەدەستەوەیە کە ژنان لە پیاوان گەوجترین...! بە تاڵەبزەیەکەوە کەدیار بوو گاڵتەی پێم دێت گوتی : فەرموو چ بەڵگەیەك.؟ گوتم وەرەو سەیری ئەم بەرنامەیە بکە بزانە پیاوان چۆن ژنان هەڵدەخلەتێنن و چ زبڵ و زاڵێك بەسەر ژناندا ساخ دەکەنەوە.! ئایا ئەمە نیشانەی ئەوە نییە کە لە گەوجایەتی ژنان ڕادەبینن بۆیە تەنیا کاڵای ژتانە دەفرۆشرێن..؟ هاوسەرەکەم بێباکانە گووتی: ڕاستە ژن زۆر گەوجن بەڵام هێشتا پیاو گەوجترن..! گوتم ئەمە تەنیا قسەیەکی بێ سەروپایە. تۆ لەبەرانبەر بەڵگەی مندا هیچ بەڵگەیەکت پێ نییە. گوتی: بەڵێ بەڵگەی چاك و لەهی تۆ حاشا هەڵنەگرترم پێیە. سەیرکە ژن بەم هەموو گەوجایەتیەوەوە کە هێندە بە ئاسانی لە خشتە دەبرێت لە توانای دایە چەندان جار ئاسانتر پیاو لە خشتە بەرێت. و کڕنۆشیان پێ بهێنێت. گوتم بەه بەه، لەمەشیان سەرنەکەوتی. مەگەر ئەو پیرو بێکارانەی لە ئەورووپاوە دەچنەوە کوردستان و هاوسەری جوانی وەك تولەنەمام لەگەڵ خۆیان دەهێننەوە ژنن یان پیاو..؟ بێ ئەوەی دابمێنێ گوتی: ئەم

مێردە گولانەی بەم شێوازە هاوسەر پەیدا دەکەن گەوجترینن ئەمانەش کە بەم پیاوانە هەڵدەخڵەتێن تەنیا کچۆڵە گەوجەکانن. بەڵام من لەسەر ژیانم گرەو دەکەم کە بە چاو داگرتنێك شای پیاوان لە خشتە دەبەم...! کەم کەم هەستم بە لاوازی هەڵوێستم و تێشکان دەکرد. بەڵام ئامادەنەبووم هەروا بە ئاسانی بهێڵم ژن بەسەر پیاودا سەر بکەوێت. گوتم: تۆ باسەکە هێندە قوڵ مەکەوە باسی ئێمە لەسەر تەلەفزیۆن و فریودانی ژنان و پارە لێ دەرکێشانیان بوو. گوتی: زۆر باشە با باسەکەی ئێمە هەر لەم چوارچێوەیەدا بمێنێتەوە. ریموت کونترۆڵی تەلەفزیۆنەکەی هەلگرت و چەند کەناڵێکی ئەمدیو ئەودیو کرد. تا لە شوێنێك سەقامگیر بوو. ژنێکی نیوە ڕووت بە تەلەفونێکەوە لە گەڵ پیاوان دەدوێت، ئەم قسانە دەکەن کە لەدەرەوە یاساغن، ناز دەکات و هەوڵدەدات هەرچی زۆرتر لەسەر قسەکردن بەردەوام بێت و ئەو پیاوەی بەرانبەری لەسەر خەت بهێڵێتەوەو پارەی پێ هەڵڕێژێ. من باسەکەی خۆمانم بیرچۆوەو سەرتاپای سەرنجم کەوتبووە سەر ژنەکە. هاوسەرەکەم تێ گەیشتبوو چی بەچییە بە سیخورمەیەك هێنامیەوە سەر خەت و گوتی: هێی ! دەبینی ئەمەش ئەو کاڵایەیە کە پیاوان هەڵدەخڵەتێنێ. سەیری کە ئەم ژنە چەندە گەوجە کە لە ڕێگای تەلەفزیۆنەوە ئاوا بێ بایەخانە خۆی دەخاتە ڕوو، بەڵام ئەو پیاوانە چەندان جار گەوجترن کە بەمە فریو دەخۆن. گوتم دەی جا بە من چی..؟ من بۆ تێکەڵاوی ئەم باسە دەکەی..؟ گووتی: وس..! هەمووتان وەکو یەکن، دەخوازی ئەمیشت بۆ بسەلمێنم...؟ سەیرم کرد دوا فیشەکی بەرگری خۆمم تەقاندووەو بێ بیرکردنەوە گووتم: نا..! نیشانەی سەرکەوتن بە سیمای هاوسەرەکەمەوە دیاربوو، هەستم کرد بەزەیی پێمدا دێتەوە. گووتی: دانی پێدا دەنێی کە پیاو لە ژن گەوجترە..؟ هیچ ڕێگایەکی ترم نەبوو جگە لەوەی بڵێم: بەڵێ...!

هاوسەرەکەم گوتی: دە مادام هێندەت بوێریت تێدا بوو کە دان بە گەوجی خۆتدا بنێی، با پێت بڵێم کە سەرتاپای شێوازی ئەم گفتووگۆیەی ئێمە هەڵەیەو هەرچی تا ئێستا گوتوومە تەنیا لە ڕووی کاردانەوەی هەڵوێست و بۆچوونەکانی تۆوە بووە. دەنا دەبووایە بە جۆرێکی تر بێت. جارێ بەر لە هەرشت ئێمە نابێ واژەی گەوج و گەوجتر بەکار بهێنین. چونکە مرۆڤ بوونەوەرێکی عاقڵەو عاقڵبوون دیارترین خەسڵەتیەتی، کەواتە ئەگەر بڕیار بێت بەراوردێك بکەین پێویستە بڵێین کێهە عاقڵترە، هۆشمەندترە، ژیرترە... نەك ئەوەی کێهە گەوجترە. پاشان خەسڵەتی گەوجبوون، یان عاقڵبوون ڕێژەییەو هەر مرۆڤە ڕەنگە عەقڵی باشتر بەسەر بوارێك لە بوارەکانی ژیاندا بشکێت و کەمتریش بەسەر بوارێکی تردا. لە هەموو ئەمانەش گرنگتر ئاستی بەرزی و نزمی عاقڵ پەیوەستەی ئەو هەلومەرجەیە مرۆڤەکانی بە ژن و پیاوەوە تێدا پەروەردەدەبن. و فاکتەرە ئابووری و سیاسی و فەرهەنگیەکانن کار لەسەر گەشەکردنی عەقڵ و ئاستی هۆشیاریەکان دەکەن نەك ژن بوون و پیاو بوون.

چەند ڕۆژ بەسەر ئەم گفتوگۆیەدا تێپەڕیوە. گەرچی لە ڕووی هاوسەرەکەم بە ئاشکرا نایدرکێنم

کە هێشتا پێموایە ژن لە پیاو گەوجترە. بەڵام بە دڵنیاییەوە دەڵێم کە هاوسەرەکەم لە من عاقڵترە.